

# ڕەوکردنی باڵندەکان

باڵندەکان ڕەوشت و سروشتی پڕ سەیر و سەمەرەیان هەیە. یەکێک لەو سروشتانە ئەوەیە کە حەز لە گەشت و ڕەو کردن دەکەن. پاییزان، هەر کە گەڵای داران زەرد هەڵدەگەڕێن و دەوەرێنە سەر زەوی، زۆربەی پەلەوەرەکان کە هیچ پەنایەکیان بۆ نامێنێتەوە تا لە لایەک لە چنگ سەرما و لە لایەکی تریشەوە لە چنگ ڕاوچی ڕاوچی خۆیانی تێدا بشارنەوە ناچار خۆیان بۆ ڕەو کردن ئامادە دەکەن. زۆربەشیان هەموو ساڵێک ڕەو دەکەن. بۆ نموونە لەقلەقەکان یەکێکن لەو باڵندانەی وڵاتی ئێمە، کە لە وەرزی سەرمادا کۆچ دەکەنە گەرمەسێران و لە سەرەتای بەهاردا کە هەوا ڕوو لە خۆشی دەکاتەوە دەگەڕێنەوە کوردستان.

باڵندەکان لە کاتی ڕەو کردنەکەیاندا بۆ شوێنێکی ئەوتۆ دەگەڕێن کە تێیدا گەرمیان بێتەوە و خواردنیان دەس کەوێت و بە ئاسوودەیی تیادا بژین. هەروەها گەشتەکەشیان بە -


Copyright © Kurdi.fi

کۆمەڵی دەبێت و هەر کۆمەڵە باڵندەیەک سەرۆک و لێپرسراوی خۆی هەیە کە ڕێنوێنی کۆمەڵەی خۆی دەکات.

بە پێی زانیاریەکان باڵندە کۆچەریەکان دەست بە گەشتێکی دوور و درێژ و سەخت دەکەن. جاری وا هەیە بێ ڕاوەستان ڕەوەکەیان بیستوچوار کاتژمێر دەخایەنێ و خێرایی فڕینەکەیان دەگاتە شەست یان حەفتا کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا. هەر وەها زۆر جاران دەبینین کە باڵندەکان بە سەر خانووەکانمانەوە دەفڕن و دەکەونە سەرووی چینەکانی ئاسمانەوە. ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانج و شوێنی دیاریکراویان لە دەریا و کیشوەرەکان دەپەڕنەوە. لە کاتی گەشتەکەیاندا لە سەر چەم و ڕووبارەکان دەنیشنەوە و وردە ماسی ناو ئاوەکان ڕاو دەکەن و دەیانخۆن.

لە کاتی هەڵفڕینیشیاندا دەنگێکی خۆشیان لێ دەبیسرێت، وەک بڵێی بە دڵتەنگیەوە ماڵئاوایی لە نیشتمانەکەیان بکەن!

لە دەسپێکی وەرزی بەهاردا، کە سەرما و سۆڵەی زستان کۆتایی دێت و سروشت بە گوڵ و سەوزە دەڕازێتەوە و دار ودەوەن گەڵا دەکەن، باڵندەکان بەرەو وڵاتەکەی خۆیان دەگەڕێنەوە.

لە کاتی گەڕانەوەدا لە پێشدا نێرینەکانیان دێنەوە بۆ ئەوەی بە گورجوگۆڵی هێلانەی جوان جوان دروست بکەن. کاتێک کە ئەندامانی ئەو خێزانە بەختیارانە هەموو کۆ دەبنەوە، ئەوا ئاهەنگێکی دڵڕفێن دەگێڕن و گۆرانی خۆش دەچڕن و ئاسمان لە چریکە و نەغمە و سۆزی ئەم باڵندانە دەنگ دەداتەوە، هەر دەڵێی لە خۆشی گەڕانەوەیان بۆ نیشتمانە خۆشەویستەکەیانە کە گۆرانی دەڵێن.


Copyright © Kurdi.fi

- **گفتوگۆ و ڕاهێنان:**

1. کەی باڵندەکان بۆ ڕەو کردن خۆیان ئامادە دەکەن؟

2. خێرایی باڵندەکان لە کاتی ڕەو کردنەکەیاندا لە سەعاتێکدا دەگاتە چەند؟

3. ئەو باڵندانە کە ماڵئاوایی لە نیشتمانەکەیان دەکەن چی دەکەن؟

4. کە ئەندامانی ئەو خێزانە هەموو کۆ دەبنەوە چی ڕوو دەدات؟



- **ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە:**

1. باڵندەکان لە کاتی فڕینیاندا دەنگێکی ______ .

2. لە کاتی ڕەو کردنیشیاندا بۆ ______ ئەوتۆ دەگەڕێن کە تێیدا ـ

______ و خواردەمەنیان ______ و بە ئاسوودەیی

______ .

3. لە وەرزی بەهاردا کە ئاو و هەوا فێنك دەبێت و دار ______

باڵندەکان دەگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان.


Copyright © Kurdi.fi